هەشداریەك لە هێزی دەریایی ئەمریكاوە بە كەشتیەكان: لە ئاوەكانی ئێران دوربكەونەوە

ئیدارەی دەریایی ئەمریكا ئەمە دوشەممە ڕێنمایی بەپەلەی بە ئەو كەشتیانەی دەركرد كە ئاڵای ئەمریكایان لەسەرە و ڕێنماییكردن، هەمو جۆرە فەرمانێكی دەسەڵاتدارانی ئێران لەتبكەنەوە، مەگەر ئەو كارە ڕاستەوخۆ ئاسایش و سەلامەتی كەشتییەكە بخاتە مەترسییەوە.

ئیدارەی دەریایی ئەمریكا لە پەیامێكدا ئامۆژگاری ئەو كەشتیانەی كە ئاڵای ئەمریكایان لەسەرە، وەك ڕێكارێكی خێپارێزی بە دنیابون لە سەلامەتی دەریایی و دوركەوتنەوە لە هەر جۆرە خڵدانێك لە ناوچەكەدا، داوایكردوە، ئەو كەشتیانە لە ئاوەكانی سنوری ئێران دوربكەونەوە.

ئەم هەشداریيە لە كاتێكدایە كە چاودێری وردی ئەو جوڵە و مەترسیانە دەكرێت كە كەشتییە بازرگانییەكان لە ڕێڕەوی ئاوی گرنگدا ڕوبەڕویان دەبێتەوە، لەگەڵ ئەوەی ئیدارەی ئەمریكا جەختی لەسەر پێویستی پابەندبون بە پرۆتۆكۆڵە ئەمنییەكانی دامەزراو كردوەتەوە بە دنیابون لەوەی كە تیمەكان و بارهەڵگرەكان بەر هیچ هەڕەشەیەك نابن.